# ئەریّ بۆ لە راگەیاندنی یەکێتیی فەسڵکرام !!؟

## دلّزار حەسەن

رەنگە ئەو ناو نیشانەی سەرەوە بەلای زۆرێك لە خوێنەران و برادەران و دۆستانم شتێکی سەر سوڕ هێنەر و مایەی لێوردبونەوە بێت کە ئاخۆ بۆچی دلّزارێك کە ماوەی زیاد لە دووساڵە بە بەردەوامی بەرنامەیەکی سیاسیی هەفتانەی راستەوخۆی لە TV هەولێر هەبێت و کەم تا زۆرێکیش بابەت و نوسین و رێپۆرتاژ و کاری رۆژنامەوانی لە ماوەی ئەو دووساڵەدا لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا هەبێت ، ئاوا بە ئاسانی و بە بریاری کەسێکی نامەسئولەوە فەسڵبکرێت !!

بێدەنگی بەرپرسانی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنیش لە بەرامبەر ئەو کێشەیەش وای لە زۆرێك لە رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی غەیرە یەکێتیی کرد کە لە مەو دوا بە گومانەوە سەیری کراوەیی و لۆژیکی پێشکەوتووخوازانەی ئەو دەزگایە بکەن کە نەتوانێت هەزمی رەخنەیەکی نووسەر و رۆژنامەنووسێکی خۆیبکات .

بێگومان ئەو چەند دێرەی سەرەوە کۆی ئەو قسە و لێدوانانەی ئەو رۆژنامەنووس و رۆشنبیرانە بووە کە چ لە بەرامبەرم و چ لە شوێنی جیاجیاوە دەرهەق بە گرفتەکەی من کردوویانە .

سەبارەت بە هۆکاری فەسڵکردنەکەشمەوە هەڵبەتە نامەوێت بچمە نێو وردە کاریەکانی ئەو کێشەیەوە ، و لایەنە ماددیەکەی کە خۆیان پێ سەرقاڵکردووە و بە گرفتی سەرەکی دەزانن بۆ دەست لە کارکێشانەوەم . ئەمەیان بۆ ئەوان لێدەگەرێم کە قسەی لە سەر بکەن ، چونکە من نامەوێت لە سەر شتێك بوەستم کە شایەنی قسە لەسەر کردن نەبێت .

بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەوەشدەدەم کە هەندێك خاڵی جەوهەری لە نێوانماندا هەبوینە کە دواجار بوونەتە بەبەشێك لە هۆی ئەو لێك جودابوونەوەیە ، بۆ نموونە لەگەڵ کردنەوەی نوسینگەی هەولێری مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان هەردوو بەرپرسە تازەکەی بە بەرنامەیەکی بێ ئەزموونی پڕ حەساسیەتەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەوانەدا کرد کە لە بازنەی کوتلە و بەرژەوەندیەکانی ئەواندا ناکۆك بوون . منێك کە تاك و ئیستاکەش نازانم سەر بەکام کوتلەم و بەڵام دواجار بوومە قوربانی نێو مەلەڤی تەکەتولاتەکانەوە ، بەلای ئەوانەوە دەبوا من رەنگ و دەنگی خۆم بۆ ئەوەان بەشێوەیەکی رەسمی رابگەێنم کە ئاخۆ من لە کام کوتلەم ، بەڵام ئەو کات و ئێستاکەش بێان دەڵێم کە من هیچ پۆستێکی حیزبیم قەت نەبووە و قەتاو قەتیش سەرم لە کوتلە و کوتلەکاری دەرنەچووە و هیچ وەختێکیش باوەڕم پێینەبووە . بەڵام ئەوەان وەك نەریتی " ئەهلول بەیت " مامەڵەیان لەگەڵ کەش و هەوای راگەیاندن لە هەولێر کردووە و لە تەنها بەرنامەی تۆخ کردنەوەی بازنە و چوار دەوری خۆیان هیچ پرۆژەیەکی دیکەیان پێنییە ، رەنگە ئەو دوو بەرێزەی نوسینگەی هەولێر وابزانن ئەوان هاتوون کێشەکان چارەسەر بکەن بەڵام من پێیان دەڵێم لە خۆتان بپرسن کێشەتان چارەسەرکرد یان مەرامی خۆتان بەجێگەیاند ، لەلایەکی دیکەوە بە بەردەوامی دەیان ویست لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەواندانیین بێرێزی و بێحورمەتیان لەگەڵدا بکەن ، فەسڵکردنی من بەو میزاجە توتالیتاریانە کە تەنها رژێمی بەعس و گروپە تۆقێنەرەکان لە رێگای نانبڕین و چاو سوورکردنەوە رەفتار لەگەڵ کارمەندەکانیاندا دەکەن یەکێکە لەو نموونانەیان .

دیارە ریاگەیاندنێك لە جێگای دیالۆگ و رێزگرتن و گفتوگۆوە نانبڕین و فەسڵکردنی بکاتە پیشەی خۆی . بێگومان ئەوە گەورەترین زەنگی مەترسیشە بەڕووی ئەو حیزبەوە کە پێی وایە بۆتە چاوگەی دیموکراسیەت و پێشکەوتن لە کوردستاندا ، ئەمەش لە کاتێکدا روودەدا کە دەزگای ناوەندی راگەیاندن لە یادی 15 ساڵەی تەمەنی رۆژنامەی کوردستانی نوێدا کە خۆم بەبێ ئەوەی داوەتی فەرمی بکرێم تەنها وەك وەفایەك چوومە یادەکەیان کە لەو چەند رۆژەی رابردوو لە شاری سلێمانی سازکرابوو ، کە بەداخەوە نەیانتووانی بەقەت ئەو دووساڵەی کە کارم بۆیان کردووە وڵامی مەرحەبا و سەردانەکەم بدەنەوە !!

له كۆتاييدا تەنها ئەوە دەڵێم كە مەكتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەكێتیی پێویستە بەخۆیدا بچێتەوە و لە مەو دوا رێز لە كادیرو رۆژنامەنووس و نوسەری خۆی بنێت و ئازادی و دەرگاكانی رەخنەگرت كراوەتربكات ، ئەگینا لە ئایندەدا دەبێتە نموونەیەكی خراپ بۆ یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و واقیعی دیموكراسیەت لە كوردستاندا ..

---------------------------------------------------------------------------

تێبینیی : ئەم بابەتە لە ژمارە 77 ی مانگنامەی بەدرخان بڵاوبۆتەوە